# رۆژی گەل

هەفتەنامەیەکی سیاسی، رۆشنبیری گشتییە، حزبی رزگاریی کوردستان دەری دەکات، ژمارە نۆبەرەی لە ١-٧-٢٠٠٠ دەرچووە

ژمارە (٢٢٠) یەکشەممە ١٦-١١-٢٠٠٨


## پشتیوانی لە کێشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا دەکرێ

سەرچاوەکانی هەواڵ ئاشکرایان کرد کە پیتەر گالبرێس لە دیدارێکی ئێن پی ئارِ دا جەخت لەسەر دابەشبوونی بە کردەوەی عێراق دەکات، بەوهۆیەشەوە پشتیوانی لە کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق دەکات.

لەلایەکی دیکەشەوە مایکل هایدن، بەڕێوەبەری ئاژانسی هەواڵگری ئەمریکا یس ئای ئەی لە دیدارێکی رۆژنامەی واشنتن پۆستدا رایگەیاندووە کە ئیتر عێراق وەک پێگەیەکی شەری دژە تیرۆر پیوانەی بۆ ناکرێ. ئەمەش واتای ئەوەیە کە پشتیوانی لە کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا دەکات.

ل3 کۆنفرانسێکی برۆکسل، رەشەکوژی دەرسیم بە جینۆساید دەناسێنێ

ل5 رەوشی کوردی فەیلی لە عێراقی نوێدا!



ل6 کاتێک بە عەرەبی دەنووسم، کوردبونم لەناخم دا دەردەبڕم



ل7 پیاوی شیعر و شەو



# پاش ٢٥ ساڵ لە هاوکاری کردنی بەعس، نەتەوە یەکگرتووەکان رۆڵی هۆڵەندا لە کۆمەڵکوژی کوردان دا ئاشکرا دەکات

بەگوێرەی بەڵگەیەکی نەتەوە یەکگرتوەکان کە بەمدواییانە ئاشکرا بوە، نیوەی هەرە زۆری مادەی خاوی ئەو چەکە کۆمەڵکوژییەی کە سەددام حوسێن دژ بەکوردان بەکاری هێناوە، لەلایەن کۆمپانیا هۆڵەندییەکانەوە دابینکراوە.

لەو راپۆرتەدا کەلەلایەن کۆمیسیۆنی تایبەتی نەتەوە یەکگرتوەکان لەساڵی ١٩٩٦دا لەسەر چەکە کیمیاوییەکانی سەددام ئامادە کراوە، زۆر راشکاوانە باسی رۆڵی دەوڵەت و کۆمپانیا هۆڵەندییەکان دەکات، بەگوێرەی ناوەڕۆکی راپۆرتەکە، کۆمپانیای KBS لەساڵی ١٩٨٣دا، ٥٠٠ تۆن مادەی خاوی چەکی خەردەلی بەسەددام فرۆشتوە، هەروەها کۆمپانیای BVی چەندین تۆنی لەو مادده خاوانە بەرژێمی بەغداد فرۆشتون.

راپۆرتەکە ئاشکرای کردووە کە دەوڵەتی هۆڵەندا لە فرۆشتنی ئەم مادانەی کۆمپانیاکانی وڵاتەکەی بەرژێمی سەدامی ئاگادار بووەو دەشیزانێ لەچەکی کیمیاییدا بەکار دەهێنرێ، کەچی فریتس بۆلکەنسەینی بەرپرسی کاروباری ئابووری دەستوری بەفرۆشتنی ئەو ماددانە دابوو.

فرانک سلیژپەر لە کەمپینی دژی بازرگانیکردن بەچەکە کۆکوژەکان دەڵێ: پێویستە هۆڵەندا دەست بەلێکۆڵینەوە بکات،ئەگەر ساغ بێتەوە کە دەوڵەت ئاگای لە فرۆشتنی ئەو ماددانە بووە، دەبێ قەرەبو کردنەوەی کوردان لە ئەستۆ بگرێ.

## مالکی دەیەوێ تاوانبارانی ئەنفال بەیەکەوە لە سێدارە بدرێن

جەعفەر موسەوی داواکاری گشتی دادگەی باڵای تاوانەکانی عێراق دەڵێ: سەرۆکایەتی کۆمار رەزامەندی لەسەر بەڕێوەبردنی سزای لەسێدارەدانی عەلی کیمیاوی دەربڕیوە، بەڵام سەرۆک وەزیرانی عێراق ئامادەنییە بەتەنیا سزاکە لەبەرانبەر ئەودا جێبەجێ بکات.

موسەویئاشکرای کردووە: مەرسومێکی کۆماری بۆ لەسێدارەدانی عەلی حەسەن مەجید دەرچووە، بەڵام نوری مالکی سەرۆک وەزیران ئامادەنییە بەتەنیا سزای لەسێدارەدان بەسەر ئەو تاوانبارەدا جێبەجێبکات.

موسەوی لەدرێژەی قسەکانیدا گوتویەتی: دوای ئەوەی مەرسومێکی کۆماری بۆجێبەجێکردنی سزای لەسیدارەدانی تاوانبار عەلی حەسەن مەجید لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتی کۆمارەوە دەرچوو، مەرسومەکە ئاراستەی سەرۆکایەتی وەزیران کراوە بۆ جێبەجێکردنی سزاکە، بەڵام سەرۆک وەزیران دەڵێت ژمارەیێک تاوانبار لەلایەن دادگەکانەوە بە لەسێدارەدان حوکمدراون، بۆچی مەرسوم بۆ جێبەجیکردنی سزاکەی عەلی حەسەن مەجید دەردەچێ و ئەوانی دیکە فەرامۆش دەکات.

چاودێران داواکەی مالکی بە رەوا دادەنێن و خوازیارن کە یان سزای مەرگ هەڵبگیرێ، یان هەموو مەحکوم کراوەکان بگرێتەوە.

## تۆنی تۆماس: کورد لە سەربەخۆیی بەغدا دەترسێ

ژەنەراڵ تۆنی تۆماس ئاشکری کردووە کە لایەنی کوردی لە بەهێزبوونەوەی بەغدادو سەربەخۆیی زیاتری حکومەتی عێراق دەترسێ. ئاژانسەکانی هەواڵی ئەمریکی و بەریتانی لە زاری ژەنەراڵ تۆنی تۆماس فەرماندەی هێزەکانی ئەمریکا لە شاری موسڵ نووسیویانە، کوردەکان پێیانوایە هەرکە ئەمریکا سەری بزر ببێ، ئەوە نوری مالکی هێرشیان دەکاتە سەرو دەستەڵاتەکەیان کەم دەکاتەوە.

تۆنی تۆماس پێیوایە ترسی کورد لەوە سەرچاوەی گرتووە کە نوری مالکی جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە پێشمەرگە، هێزێکی میلیشیایەو دەبێ لە ناوچەکانی موسڵ و کەرکوک و دیالە بکشێتەوە، هەربۆیەش حەز ناکەن لەم کاتەدا هێزەکانی ئەمریکا لە عێڕاق بکشێتەوە، چونکە پێیانوایە بە کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا شەڕی خوێناوی لەنێوان کورد و عەرەبدا دروست دەبێ.

## کورد بە دوای زەمانەتی نێودەوڵەتی دەگەڕێ

هەواڵەکان ئاشکرایان کردووە کە مەرجەعانی شیعە رێککەوتنی ستراتیژی نێوان بەغداد و واشنتن رەت دەکەنەوە، ئەمەش هاوکاتە لەگەڵ رەتکردنەوەی داوای کەم کردنەوەی دەستەڵاتی سەرۆک وەزیران، بەوهۆیەشەوە کورد لە داهاتووی خۆی نیگەران بووە، بۆ رەواندنەوەی ئەو نیگەرانیە، سەرچاوەیەکی بەرپرس بە هەفتەنامەی رۆژی گەلی راگەیاند کە دەبێ کورد داوای گرەنتی نێودەوڵەتی بکات.

هەر لەم پێوەندەدا دکتۆر مەحمود عوسمان پەرلەمانتاری لیستی هاوپەیمانی کوردستان بەرادیۆی سەوای راگەیاندووە کە دەوڵەتانی ناوچەکە چاویان لە وڵات بڕیوە، بۆیە ئێمە داوای بوونی زەمانەتی ئەمنی دەکەین جا چ لە لایەن رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکانەوە بێ، یاخود ئەمەریکا و هێزە نێودەوڵەتییەکانی دیکەوە بن، بۆ ئەوەی لە دژایەتی و هێرشی لە ناکاوی تورکیا و ئێران دڵنیابین.

سەبارەت بە داواکردنی زەمانەتی نێودەوڵەتی وتەبێژێک لە حزبی رزگاریی کوردستان بە رۆژی گەلی راگەیاند ئێستا وردە وردە مەترسیەکان بۆ سەر داهاتووی هەرێمی کوردستان بەدیار دەکەون، هەم هێزە عێراقیەکان پەشیمان دەبنەوە، هەمیش ئەمریکا خۆی لە بەرپرسیارێتی دەدزێتەوە، بۆیە داواکردنی زەمانەتی نێودەوڵەتی کۆمەکێکی تەواو بە کوردستان ناکات، دەبێ سەنگەری نێوەخۆ بەهێز بکرێ و سیاسەتێکی راستترپێڕۆ بکرێ.




## پەرلەمانتارێکی عێراق، ئێران تۆمەتبار دەکات

نەدیم باجری پەرلەمانتاری حزبی فەزیلە، کۆماری ئیسلامی ئێرانی بەوە تۆمەتبار کردووە کە دەستەڵاتی خۆی بەسەر عێراق دا سەپاندووە.

نەدیم جابری ئەندام پەرلەمانی عێراق گوتویەتی، ئێران بوونی هێزەکانی ئەمریکای لەعێراق قۆزتۆتەوە، لەو پەنایەوە دەستەڵاتی ئابوری و سیاسی خۆی بەسەر عێراقدا سەپاندووە.

جابری لێدوانەکانی ئێرانی سەبارەت بە پەیدابوونی بۆشایی ئاسایشی لەکاتی پاشەکشەکردنی هێزەکانی ئەمریکای بە نموونە هێناوەتەوە، ئەو دەڵێ، ئێران مەبەستیەتی دوای رۆیشتنی ئەمریکا، بەخشکەیی بێتە ناو عێراق و بوارەکانی بەڕێوەبردن کۆنترۆل بکات و دەستەڵاتی خۆی پیادە بکات.

## تورکیا، لە ٩ مانگدا ١٧ رۆژنامە دادەخات

بەگوێرەی سەرچاوەکانی هەواڵ ئەو رۆژنامانەی لەلایەن کوردانەوە دەرچن، رووبەڕووی دادگەیی کردن و داخستن دەبنەوە.

بەگوێرەی هەواڵەکان لەماوەی نێوان ٤-١١-٢٠٠٧ هەتا ٣-٩-٢٠٠٨ زیاتر لە ١٧ رۆژنامەی کوردی لەلایەن دادگەی تورکیاوە رووبەرووی لێپرسینەوە هاتوون، هەندێکیان سزا دراون و هەندێکی دیکەشیان داخراون. ئەو رۆژنامەنەش بریتی بوون لە:

ئۆزگۆر ئولکە، گەلەجەک، ئۆلکەدە ئۆزگور، گوندەم، یاشامدە گوندەم، گونجەل، ئازادیا وەلات، گەرچەک دیموکراسی، ئەلتەرناتیڤ، یەدنجگون، باکش، تۆپلومسال دەموکراسی ئۆتەکی باکش و یەنەی باکش و چەندانی دیکە.

## رۆژەڤ

ماوەیەکە نوری مالکی سەرۆک وەزیرانی عێراق بێ پەروا بەدوای پەڵپ و بیانۆدا دەگەڕێ و دەیەوێ دەستەڵاتی هەرێمی کوردستان کەم بکاتەوە. بۆ ئەم مەبەستەش باس لە گۆڕینی دەستوور و پێکهێنانی هێزی پشتیوانی دەکات، ئەمانەش لەلایەن کوردستانیانەوە رەت دەکرێنەوە.

هەرچەندە کە دەستووری عێراق وەکو پێویست لەگەڵ داخوازیەکانی گەلی باشووری کوردستاندا نایەتەوەو مافە نەتەوەییەکان دابین ناکات و مافی بڕیاردانی چارەنووسی گەلان ناسەلمێنێ، بەڵام دیسانیشەوە لەلایەن سەرکردایەتی سیاسی کوردستانەوە بە دەستکەوتێکی مەزن دەنرخێنرێ. ئێستا کە هەوڵ بۆ گۆڕینی ئەو دەستوورە دەدرێ و بەرەو پوکانەوە دەبردرێ، دەبێ چ شانازی و دەستکەوتێک بمێنێتەوە؟!

لەلایەکی دیکەشەوە هەوڵدان بۆ بەهێزکردنەوەی ناوەندو پێکهێنانی فەجی ئیسناد ئەزموونی دەستەڵاتی رەهاو فەوجە سووکەکان و سیستەمی جاشایەتی وەبیر دێنێتەوە کە رژێمی بەعس بۆ هۆزو خێڵەکان دروستی کردبوو، ئامانجیشی هەڵگیرساندنی شەڕی کورد بە کورد بوو. لەو رێگەیەشەوە خوێنێکی زۆری رژاندو زیانێکی گەورەی بە نەتەوەکەمان گەیاند.

زۆر جاری دیکەش لەم سەکۆیەوە خواستومانە کە لیستی هاوپەیمانی کوردستان متمانە لە کابینەکەی نوری مالکی وەربگرێتەوەو کۆتایی بە تەمەنی بهێنێ، بەڵام مخابن تا ئەمڕۆ کاردانەوەیەکی ئەوتۆ پێشان نەدراوە، ئەمەش وایکردوە کە سەرۆک وەزیران هێواش هێواش بەرەو بە دیفاکتۆکردنی خواست و بۆچونەکانی خۆی هەنگاو هەڵبگرێتەوە.

ئەگەر سەرکردایەتی سیاسی کوردستان دیوی دووەمی ئامانجەکانی نوری مالکی خوێندۆتەوە کە سنوردارکردنی دەستەڵاتی هەرێم و داخوازیەکانی گەلی کوردستانە، دەبێ پەنا بۆ ئەو کارتە گوشارانە ببەین کە هێشتا لە دەست کوردستانیاندا ماوەتەوە.

هێشتا کێشەکانی نەوت و پێشمەرگەو ماددەی ١٤٠ و هێنانی هێز بۆ ناوچە جێناکۆکەکان یەکلایی نەبۆتەوە، کەچی هەوڵی پێکهێنانی فەوجی ئیسناندو گۆڕینی دەستوور دەدات، بۆیە ئەگەر دڵنیایین بە کشانەوەی لیستی هاوپەیمانی، کابینەکەی نوری مالکی دەکەوێ، دەبێ دوودڵ نەبین و هەنگاوی کردەیی بۆ هەڵبگرینەوە، چونکە هێشتا کارتی گوشاری جۆراوجۆرو یاری دیکەمان سوودمەندمان لەبەردەم ماونەتەوە..

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com